# بلوتووس (Bluetooth) چۆن کاردەکات



وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە بە دەستکارییەوە
**ئەمیر عومەر موسا**



بلووتوس وەک تەکنەلۆژیایەکی گەیاندن ، ئەو تایبەتمەندییە زانستییەیە کە بەکاردێت بۆ بەیەک پەیوەستکردنی گشت دەزگا هەڵگیراوەکان بەیەکەوە، وەک:کۆمپیوتەر، مۆبایل ، کۆمپیوتەری گیرفان PC pocket ، دەزگای بیستەنی Head phone ، کامیرای دیجیتاڵ. بە شێوەیەک ئەم دەزگایانە بتوانن زانیاری Data لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ بکەن و دۆسیە/File بگوازنەوە لەگەڵ تۆری ئینتەرنێت دا بێ تەل Wireless تەکنەلۆژییای گەیاندنی بێ تەل بلوتووس (Bluetooth) لە لایەن کۆمەڵێک بە گرینگ زانان پەرەی پێدرا (Bluetooth Special Interest Group GIS).
زۆر ڕێباز و شێواز هەیە دەتوانین بەکاریان بێنین بۆ لە یەک بەستنەوە وگەیاندنی کۆمپیتەر بە کیبۆرد یان ماوس یان پرینتەر یان سکانەر بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە ڕێگای تەلی ئاسایی . هەروەها دەتوانین یادگەی ئەلیکترۆنی electronic note book ببەستین بە کۆمپیوتەرەوە لەڕێگای تەلی تایبەتی. هەروەها تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و دەزگای وەرگرتنی کەناڵە ئاسمانییەکان هەموویان بە یەکەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگای کێبڵی تایبەتی و لە ڕێگای دەزگای ریمۆنت کۆنترۆلەوە بەکار دەهێندرێت ئەوانەی لە کایەی تیشکی ژێرسوور کار دەکەن. هەروەها دەزگای ئیستریۆ پەیوەستە بە بیستەک لە ڕێگای تەلی گەیاندن ، دەزگا

ناوبراوەکانیش لە هەموو ماڵێکدا هەن پێیان دەوترێت دەزگای ئەلیکترۆنی . تا ئەمڕۆکە ئەم دەزگایانە بە تەلی گەیاندن بە یەک بەستراون ئەم تەلانە لە ڕووی جوانیەوە ناجۆرن وە کارکردنیان زۆر ئاسان نییە.

لێرەدا باسی تەکنەلۆژییایەکی نوێ دەکەین کە بە بلوتووس ناسراوە ئەم تەکنەلۆژییایە لەم دەردە سەرییە ڕزگارمان دەکات، ئەم تەکنەلۆژییایە لە هزری کەسدا نەبوو تا ئەم ڕۆژگارەمان .

**گەیاندنی بێ تەل- بلووتوس** Bluetooth

بلوتوس ئەو تەکنەلۆژیایە نوێیە پێشکەوتووەیە کەوا دەکات دەزگای ئەلیکترۆنی وەک کۆمپیوتەر و مۆبایل و کیبۆرد و هێد فۆن و زانیاری و زانیارینامە بگوازێتەوە بێ تەل یان کێبڵ یان گەڕانەوە بۆ بەکاربەر.

زیاتر لە 1000 کۆمپانیای جیهانی لەریزی کۆمەڵەی بایەخدان بە بلوتووس دان Bluetooth Special Interest Group کە بە کورتکراوەی SIG ناسراوە.

ئەم تەکنەلۆژیایە جێی گەیاندنی بەتەل دەگرێتەوە.

بەکارهێنانی تیشکی ژێرسوور لە کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن (ریمۆت کۆنترۆڵ) ، گیروگرفتی هەیە و پێویستە راستەوخۆ ئاراستەی دەزگاکە بکرێ و تەنیا بۆ یەک دەزگا بێت.

تەکنەلۆژیای بلوتووس بە سەر هەر دوو گرفت زاڵ دەبێت. لە ڕێگای بەستنی دەزگای radio module کە لەکۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن و دەزگای یاری ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی ئەم دەزگایانە بلوتووس وەربگرن بەم شێوەیە دەزگاکان :

- بێ تەل دەبن .
- هەرزان دەبن.
- ئاسان کار دەکەن.

ئامرازی گەیاندنی بلوتووس بەلەرەی (2.45) گێگا هێرتز کار دەکات، کە ڕێکە لەگەڵ دەزگای پزیشکی و زانستی و پیشەسازی. بەم جۆرە دەتوانیت دەرگای گەراجی ماڵەوە بەمۆبایل بکەیتەوە لەبەر ئەوەی هێمای بلوتووس دەگاتە(1) میلیوات واتە بێ هێزەو رادەی کاریگەری لە بازنەیەکدا دەبێت تیرەی (10) مەترە و دیوار برِن واتە لە ژوورێکدا دەتوانیت کۆنترۆڵی دەزگای ژوورەکانی دیکەت بکەیت .

شێوازی کاری دەزگا جیاجیاکانی لە ڕێگای تۆڕی گەیاندن دەبێت کە بە تۆڕی کەسی Personal-area network ناسراوەو کورتکراوەی PAN یان پایکۆنێت Pico net هەر تۆڕێک لەرینەوەیەک بەکاردێنێت لە رادەی تا 2.48 گێگا هێرتز.

سەرچاوە:
سایتی :www.commarts.com

